ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
64
25 ی تەمووز/ جولای 2023

## قەوارەی هەرێم بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان نیە، بەڵکو دەستکەوت و بەرهەمی بزوتنەوەی کوردایەتیە!



## کۆنفرانسی رەدکردنەوەی لۆزان!

**موحسین کەریم**

رۆژانی شەممە تا دووشەممە رێکەوتی ٢٢تا ٢٤ی تەمووز/ جولای، "کۆنفرانسی لۆزان" لە شاری لۆزانی سویسرا، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ بەسەر پەیماننامەی "لۆزان"دا، بەسەپەرشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەڕێوەچوو. ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسەرو رۆشنبیرو هونەرمەند و هەڵسوڕاوی سیاسی و کەسایەتی سیاسی ناسیۆنالیستی کورد بەشدارییان تێداکرد، کە لە بەشەکانی کوردستانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریاوە هاتبوون. ئەوەی جێگای سەرنجە بێجگە لە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هیچ کەسایەتیەکی بڕیاردەرو خاوەن دەسەڵات لە یەکێتی و پارتی و پەکەکەو حزبە سەرەکیەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد ئامادە نەبوون. بەڵام ئەو لایەنەی کۆنفرانسەکەی رێکخستبوو، واتە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" لەژێر هەژمونی سیاسی و فکری پەکەکەدایەو لەڕاستیدا وەکو رێکخراوێکی سەر بەپەکەکە هەژمار دەکرێ. ئەوە بێجگە لەوەی کە "ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی رۆژئاوا' لە ٦-٧ ی تەمموز کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی سازکرد بە ناونیشانی "لۆزان: ڕاستکردنەوە و پرسەکانی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی" و هەروەها لە دیاربەکریش کۆنفرانسیک بۆ هەمان مەبەست رۆژی ١٠ ی تەموز بەڕێوەچوو.
خاڵێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە پەیامی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا، ئاماژە بە هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیاو سوریا دەکرێ، بەڵام بەهیچ جۆرێک باس لە کوردستانی

بۆ لاپەرە ٢



## خەڵکی کوردستان و"قەوارەی هەرێم" .. !

**خەسرەو سایە**

بۆ لاپەرە ٣



## ئایا یەکێتی نیشتمانی، هێزە؟

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٥



## دەبێ دەستبەجێ شیروان شیروانی ئازادبکرێ!

**دەشتی جەمال**

بۆ لاپەرە ٦

## پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی دوای ڕفراندۆم!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی...............کۆنفرانسی ڕەدکردنەوەی لۆزان!

ئێران ناکرێ. ڕاگەیاندنەکە زیاتر وەڵام بە کێشەکانی پەکەکە دەداتەوە چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بزوتنەوەی کوردایەتی.

هەڵبەتە ئەم کۆنفرانسە وەکو ناسیۆنالیستەکانی کوردو بەشداربووانی دەڵێن، بۆ ڕەدکردنەوەی ئەو زوڵمە مێژوویيە کە لەچوارچێوەی ئەو پەیماننامەیەدا لە کورد کراوە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکاتی دنیاوە. گوایە لەرێگای ئەم جۆرە کۆبونەوەیەوە پەیامێک ئاراستەی دەوڵەتانی زلهێزی ئێستای دنیا دەکەن کە ڕەچاوی بەرژەوەندی "گەلی کورد" بکەن و قەرەبووی ئەو غەدرە مێژووییەیان بۆ بکەنەوە کە ئەوکات لێیان کراوە! وەکو لە هەندێ خاڵ و بڕگەی پەیامی کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا هاتوە! ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە هاتووە کە جیهانی ئێستا لەسەر رێگای گۆڕانکاری و دەرکەوتنەوەی جەمسەرگیری سیاسی-ئابوری-سەربازی تازەیەو ئەگەری دابەشکردنەوەی جیهان و گۆڕینی نەخشەی سیاسی جیهان و لەوانەش گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەگەرێکی مومکینە کە ڕەنگە پێکهاتەی دەوڵەتەکان و وولاتەکانیش بەدوای خۆیدا بگۆڕێت!

ئەگەرچی هێزە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کە سی ساڵە دەسەڵاتدارێتی کوردستانی عێراقیان بەدەستەوەیە، زۆر ئومێدیان بەوە نیە کە لەنەخشەی سیاسی تازەی دنیاو ناوچەکەدا شتێکی زیاتریان بە نیسب بێت، چونکە ئەوان خۆیان سی ساڵە خیروبەرەکەتی شەڕی کەنداو نیزامی نوێ جیهانی بەسەرکردایەتی ئەمریکا دەخۆن و دەزانن کە ئیتر دەرفەتێکی دیکەی زێڕینی وایان بۆ هەڵناکەوێتەوەو ئەوەی ئەمریکاش لەکۆتاییەکەیدایەو بەرەو ووشکبوون دەچێت! هەربۆیە بەجدیش بەشداری کۆنفرانسەکەیان نەکرد! ئەوەی دەمێنێتەوە، پەکەیەیە، کە لەئێستادا تووشی بنبەستێکی سیاسی- سەربازی جدی بووە. ئەگەرچی بەشێکی فراوانی ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی ناڕازی کورد لە یەکێتی وپارتی و حزبە تەقلیدیەکانی کوردایەتی، خۆیان لەپاڵ پرۆژەکانی پەکەکەدا دەبیننەوە، بەلام خودی پرۆژەکانی پەکەکە بنبسەت و بێئاسۆن! پەکەکە لە کوردستانی تورکیا شکستێکی گەورەی تووش بووە، بەوەی کە شەڕی چەکداری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بەبنبەست گەیشتوە و خۆشیان دەزانن هیچ ئاکامێکی نیەو تەنها رۆژ گوزەراندنە! لەناوخۆی تورکیاش ئەو بزوتنەوە شاریەی کە لەژێر هەژموونی فکری-سیاسی پەکەکەدا بوو، بەکردەوە بەجێگایەک نەگەیشت و سەرکوتگەریەکانی دەوڵەتی تورکیاو حکومەتەکەی ئەکەپەو ئۆردوگان، جۆرێک بێتواناو بێکاریگەری کردووە! لە کوردستانی سوریاش، پرۆژەی "خۆسەری دیموکراتیک" لەناو گێژاوێکیدا پەل دەکوتێ و ئایندەکەی دیارنیە. ئێستا ئایندەی ئەو "ئەزمونەی رۆژاوا" دوای ئەوەی کە بوە بەشێک لە جێبەجێکاری سیاسەتی ئەمریکا لەسوریا، لەناو گێژاوی ململانێی نێوان ئەمریکاو ڕوسیادا گیری خواردوەو بەشوێن دەروازەیەکدا دەگەرێ کە لەگەڵ حکومەتی سوریادا رێک بکەوێ و قبوڵ بکرێ!

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە کۆنفرانسی لۆزان، بێجگە لە هەوڵێکی پەکەکە بۆهەڵخڕاندنی هەستی "نەتەوەیی" لە سەردەمی شکستی ناسیۆنالیزمی کورد و بێبایەخبوونی هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی بەتایبەتی دوای ئەزمونی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق، شتێکی دیکە نیە. هاوکات دەرفەتێکە بۆ دەربڕینی ئاهونالەی شاعیرانەی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی کورد لەو بنبەستەی کە حزبەکانی کوردایەتی بۆ ناسیۆنالیزم و هیوا رەنگالەیەکانی کوردایەتی بەدیارییان هێناوە!

لەکۆتاییدا، ئەگەر پەیماننامەی لۆزانی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و دەوڵەتی تورکیا، سەد ساڵ لەمەوبەر غەدرێکی سیاسی لە کورد کرد و وەکو ناسیۆنالیستەکان دەڵێن بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشی کرد، ئەی کە لەدوای ساڵی ١٩٩١دا لە کوردستانی عێراق فرسەت بۆ کورد پەیدا بوو کە چارەنوسی سیاسی خۆی دیاری بکات و دەوڵەتێک لە کوردستان دروست بکات، یان لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە هەمان فرسەت دوبارە پەیدابووەوە، بۆچی سەرانی ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتی لە کوردستانی عێراق نەک کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکرد، بەلکو بوونە خزمەتکاری هەر ئەو دەوڵەتانەی کە وەکو خۆیان دەڵێن کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو زوڵم لە "گەلی کورد" دەکەن! ؟ خۆیان بوونەتە خزمەتکاری دەوڵەتانی کۆنەپەرست و فاشیستی ئێران و تورکیاو عێراق و لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی ئەوان تەنانەت شەڕی یەکتریشیان کرد و سەدان وهەزارانیان لە یەکتر کوشت!

کۆنفرانسی"رەدکردنەوەی لۆزان" لەکاتێکدا دەبەسترێ کە بزوتنەوەی کوردایەتی دەورانی زێڕینی سیاسی بەرەوکۆتایی دەچێت و روبەرووی بنبەستێکی سیاسی-دیپلۆماسی و هەروەها جەماوەری بۆتەوە. ناسیۆنالیزمی کورد، پێگەی سیاسی-دیپلۆماسی چەند ساڵی پێشووی خۆی لەئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا لەدەستداو لەسەر ئاستی متمانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانیش، تووشی شکستێکی گەورە هاتوە! ئەزمونی کوردستانی عێراقیش بەروونی ناکۆکی و دژایەتی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و بگرە چارەسەری "پرسی کورد"یش نیشانداوە. بۆیە کۆنفرانسی رەدکردنەوەی لۆزان هیچ بەرەنجامێکی لێناکەوێتەوە بێجگە لە دەربڕینی ئاهونالەی بەشداربووان لە دۆخێک کە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد هاتۆتەپێشەوە و ئایندەیەکی تاریک کە چاوەرێی دەکات!

★

# خەڵکی کوردستان و"قەوارەی هەرێم" .. !

## خەسرەو سایە

پێگەی قەوارەی هەرێم وەک سالآنی پێشوی نەماوەو تادێت رووله لێژی و بچوک بوونەوە دەکات. ریشەی ئەم دۆخە لەچیدایە؟ ئایا قەوارەی هەرێم دەسکەوتی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا بەرگریکردن لەم قەوارەیە یان تەسلیمبون بەبەغدا، کامیان ریگاچارەیە؟ سەرەنجام هەڵویستی خەڵکی کوردستان لەسەر "قەوارەی هەریم" دەبێ چی بێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کەلەم وتارەدا لەسەریان رادەوەستین.

سەرەتا ئەوەی کە"قەوارەی هەرێم"ی خستۆتە نێو ئەم دۆخەوە بەرئەنجامی ئەو گۆرانکاریانەیە کە لە هێزهاوسەنگی نیوان هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و ئەو رەوتانەدایە کە لەشکلدان بە"عێراقی دیموکراسی و فیدرالی"دا رۆلیان گێرا. بەدیاریکراویش ئەم رەوتی سەرەو لێژبونەوەیەی قەوارەی هەرێم، بەدوای تەواوبوونی شەری داعش و" جەنگی وەکالەت" و هاتنەخوارەوەی رۆڵی ئەمریکا لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و هەڵکشانی دەوری ئێران، دەستی رەوتەکانی ئیسلامی شیعەی ئاوەڵاکردوە، تا ستراتیژی مەرکەزیکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و لێسەندنەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی کەدوای روخانی رژێمی سەدام درا بە ئەحزابە قەومیەکانی کورد و لەدەستوردا جیگیرکرا، هەنگاو بەهەنگاو بێتەکایەوە و پێگەی ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی روو لەلاوازی بکات.

سەرەتاکانی ئەم پرۆسەیە لەرووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو بەدەرپەراندنی هێزەکانی پارتی و یەکیەتی لەکەرگوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەستپێکرد. ئینجا هەولەکانی حکومەتی عێراق بۆ لەدەستگرتنی خالە گومرگیەکان و ناوچە سنوریەکان، دەستی بۆبرا و بەدوای ئەمانەشدا بریارە یەک لەدوای یەکەکانی دادگای فیدراڵ لەدژی حکومەتی هەرێم و قەوارەکەی بۆ لەدەست دەرهێنانی فایلی نەوت و بەرتەسکردنەوەی پەیوەندیە دیبلۆماسی و بازرگانیەکانی حکومەتی هەرێم و راگرتنی موچە و شایستەدارایەکان وگەلێک شتی تر، هاتنە پێشەوە. لەئاکامدا دۆخەکە بەوە گەیشت کە شەرعیەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بکەوێتە ژیر پرسیارەوەو ئەگەری هەڵبژرادنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان بکەوێتە دەستی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە.. هەموو ئەمانە جگەلەوەی قەیرانی حکومەتی و لێکترازانی ریزی حزبەکانی لەکوردستاندا، بەدوای خۆیدا هێناوە، هاوکات حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی لەبنبەستێکی سیاسی و ئابوری و ئیداریدا راگرتوەو لەچاوەروانیەکی بێهودەدا بەدیار رێکەوتن لەگەڵ حکومەتەکەی سودانیەوە داناوەتەوە.

بەمجۆرەش ئەم سەرەوژێربونەوەیەی قەوارەی هەرێم ئاکامێکە لەتێکچونی پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدا، کەخۆی بەرئەنجامی ئەو گۆرانکاریەیە کە لە هاوکێشەی هێزەکاندا سەری هەڵداوە و مەعلومیش نیە لەچ ئاستێکدا دەوەستێت و کەی بەغدا لەفشارەکانی دەست هەڵدەگرێ. بەڵام دۆخەکە ئەوەی بەرجەستە کردۆتەوە کە دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەگەر نەتوانن قەوارەی هەرێم بەیەکجاری بسرنەوە ئەوا لەهەوڵدان هەژمونی حکومەتی مەرکەزی تا ئەو جێگەیە بەرن کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ قەوارەی هەریمدا وەک پاریزگاکانی تری ناوەراست و خواروی عێراق ببەن. بەڵام ئەگەر قەوارەی هەرێم روو لەلاوازی و بچوکبوونەوە بێت، جگەلە پارتی و یەکیەتی و بزوتنەوەی گۆران کەلایەنە سەرەکیەکانی نێو حکومەتی هەرێمن و بەهەرجۆرێک بوە داکۆکی لەمانەوەی ئەم قەوارەیە دەکەن، ئەو حزبانەی تر، کە لەبەرگی ئۆپۆزسیۆندا خۆیان دەناسێنن، چ هەڵوێستێکیان لەم دۆخەهەیە؟

سەرەرای ناڕازیبوونی لایەنە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان، لەیەکیەتی و پارتی، سەرەرای رەخنەو گلییەک کە هەیان بێت لەئەدای حکومەت، سەرەجەم ئەم حزبانە، هەر لە ئیسلامیەکانەوە تا نەوەی نوێ، "قەوارەی هەرێم" بەجۆریک لەجۆرەکان بەدەسکەوتی "گەلی کورد"ی دەزانن و بەرژەوەندی خۆیان لەمانەوەیدا دەبینن. هۆکاری ئەمەش بونی ئەو سیستەمەیە لە حوکمرانی، کەئابوری و سیاسەتی خستۆتە خزمەتی بازاری سەرمایە و کۆمپانیاکانانەوە و دەرفەتی تالآنچێتی و چەوسانەوەی هەرچی زیاتری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانی خستۆتە بەردەم ئەم حزبانە و خۆبەخۆ بونەتە هاوبەشی یەکەیەتی و پارتی، لێرەشەوە نایانەوێت بەنەمانی قەوارەی هەرێم، ئەم بازارە لەدەستبدەن. تەنانەت ئەوەی کە نەوەی نوێ و لایەنە ئیسلامیەکان و هەڵبراوانێکی بزوتنەوەی گۆران ملیانناوە بە بەغداوە و هانا بۆ دادگای فیدرال و پەرلەمانی عێراق دەبەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێم خۆی رادەست بکا، دۆخی خەڵکی کوردستان باشتر دەبێ! جگە لەوەی کە لەکەنار ئەحزابی شیعە وسوننە و قەمی و میلیشیاکانیاندا رادەوەستن و نان وکارو مەعیشەت و چارەنوسی خەڵکی کوردستان بە هێزگەلێکەوە گرێ دەدەنەوە کەتاسەر ئیسقان کۆنەپەرست و دژ بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هاوڵاتیانی بندەستیانن، هاوکات بەڵگەیەکە لەوەی کە رەخنەو ناکۆکیەکانیان لەبەرامبەر بەیەکیەتی و پارتی وحکومەتەکەیان، تا ئەو شوێنە دەروات کە تێکۆشان و نارەزایەتی جەماوەر بۆ کەناڵیکی تر راکێشن و رێگەنەدەن بەرەو شۆرش و ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە پەرەبسەنێت و هەرلەو چوارچێوە سیاسیەدا بمێنێتەوە کەپارتی و یەکیەتی رەنگیان بۆ رشتوە.

ئەم لایەنە بەناو ئۆپۆزسیۆنانە کەمانەوە لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردن

لەهەڵبژاردن وحکومەتدا، وەک بنەمایەکی نەگۆڕی سیاسی بەدەستەوەگرتوە و بڕیار نیە شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی بەرپابکەن، بەپێویست هەرجۆرە ڕەخنەو نارەزایەتیەکیان لەیەکیەتی و پارتی هەبێت بۆ ئەوەیە کە نارەزایەتیە جەماوەریەکان، بەلاڕیدابەرن و هاوڵاتیانی کوردستان سیناریۆی بێئەنجامی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ و بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەماندا ڕابگرن. ئەم حزبانە کە لەسایەی دروشمی "بەغدا باشترە لەهەرێم"، ناکۆکیەکانی خۆیان لەگەڵ یەکیەتی و پارتیدا دەبەنە پێشەوە، نەک هەر خەڵکی کوردستان پەلکێش دەکەن بۆ ژێرسایەی دەسەڵاتی گەندەڵ و کۆنەپەرستی قەومی و ئاینی و میلیشیایی، کەئامادەنین سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان بسەلمێنێن، بگرە هەمو ئەو دۆخە پڕلەنەهامەتی و بێمافیەی کە بەسەر هاوڵاتیانی عێراقیدا سەپاوە، پشتگوێ بخەن. ئەمەش هەر ئەو ئاراستەیەیە کە یەکیەتی و پارتی ساڵانێکی زۆرە کردویانەتە بنەمای سیاسەتەکانی خۆیان لەپەیوەند بە بەغداوە. هەربۆیە خەڵکی کوردستان نابێ شوێنکەوتەی سیاسەتی ئەم حزبانە بن.

خەلکی کوردستان بۆئەوەی هەڵوێستی دروست لەم دۆخەو لە قەوارەی هەرێم بگرێتەبەر، لەپێشدا دەبێ لەسەر ئەو ڕاستیە ڕاوەستێت کەقەوارەی هەرێم بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی ئەوان نیە، بەڵکو دەستکەوت و بەرهەمی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەحزابە ناسیونالیستیەکانیەتی. "قەوارەی هەرێم" وەک پرۆژەو ڕێکاچارەیەکی ئەمریکایی بۆ کێشەی کورد، بەدوای شەڕی کەنداو و ڕوخانی حکومەتی بەعس و خۆگرێدانەوەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەم شەڕەو ئامانجەکانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا. لەیەک وتەدا دابەشکردنی دەسەڵات لەعێراقدا، لەبەر ڕۆشنایی هاوکێشەی هێزی نێوان هێزەکان، لەلایەن ئەمریکاوە، بەسەر دەستەو تاقمی قەومی وئاینی و تایفەگەری و لکاندنەوەی کوردستان بەناوی فیدرڕالیزمەوە، بەبێئەوەی خەڵکەکەی ڕای لەسەردابێ، ئەو ئیمتیازات و پێگەیەی بەحزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەخشی کەدەسەڵات و سیستەمێکی دژ بەخەڵک لەقەوارەیەکدا بەناوی هەرێمی کوردستانەوە دامەزرێنن. لەهەمو ئەم پرۆسەیەشدا بەشداری خەڵکی کوردستان تەنها ئامرازێک بوە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی. کەوایە خەڵکی کوردستان نابێ قەوارەی هەرێم بە دەسکەوتی خۆیان بزانن.

بەڵام ئەگەر قەوارەی هەرێم دەسکەوتی خەڵکی کوردستان نیە، ئەگەر گەڕانەوە بۆ بەغدا و بەستنەوەی ئومێدی باشتربونی ژیانی خەڵک وەهمێکە و کوردستان لەم گێژاو و قەیرانەی کەچەند ساڵە تێیکەوتوە دەرناکێشێت، کەوایە ڕێگاچارەچیه؟

بێگومان نە ڕاوەستان لەپاڵ یەکیەتی و پارتیدا بۆ مانەوەی قەوارەیەک کەسی ساڵە ژیانی خەلک دەهاڕێت ڕێگاچارەیە و نە گەڕانەوە و تەسلیمبون بەحکومەتی عێراق، خەڵکی کوردستان لەو گێژاوە دەردەکێشێت کەتێیکەوتوە، بەتایبەتی کە کارنامەی هەردوو دەسەڵات چ لەعێراق و چ لەکوردستان ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە سیستەمێک لەحوکمڕانی بەڕێوەچوە پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانیەک کە داوای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشە. خودی نارەزایەتیە جەماوەرەیەکان چ لە شارەکانی عێراق و چ لە کوردستان کە چەندین ساڵە یەخەی چینی دەسەڵاتدار و ئەو حکومەتانەی کە لەعێراق و کوردستاندا لەسەرکارن دەگرێ، ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە بەدەستهێنانی باشبژێوی و گەیشتن بەژیانێکی بەدەر لەدزی و تاڵانچێتی و بێمافی، لەڕێرەوی خەبات بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵات و حکومەتانەوە بەدەستدێت.

خەڵکی کوردستان بۆئەوەی لەدۆخی ئیستا و هەموو ئەو نەهامەتیانەی یەخەی پێگرتوە ڕزگاری ببێت، بۆئەوەی جارێکیتر لەو یاریە گلاوەی کە حزبەکان، بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە لەپەیوەند بەغداوە گرتویانەتەبەر، نەبنەوە قوربانی، دەبێ هەوڵوتێکۆشانی جەماوەری خۆیان و نارەزایەتیەکانیان بۆ وەلانانی دەسەڵات ئاراستەبکەن. هەوڵوتێکۆشانێک کە ئیرادەبگرێ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی "قەوارەیەک" کەلەلایەن نوێنەرانی خەڵک خۆیانەوە بەڕێوەببرێ و دابینکردنی ژینێکی ئازادو خۆشگوزەران بۆ هەموان بنەمای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگابێت. بێگومان گرێدانەوەو لێکهەڵپێکانی خەباتو تێکۆشانەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نارەزایەتی و خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شارەکانی خوارو ناوەراستی عێراق نەک هەر دەرگایەکی گەورە دەکاتەوە بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی کەبەناوی "فیدرڕالیزمەوە" خراوەتە گەردنی خەڵکی کوردستان، بەڵکو ئەو زەمینەیەش پێکدێنێ کەچارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە سیاسی و ئابوری و قانونیانەی کە لە"پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدا" دا لەئارادایە، ڕیگایەکی سیاسی وموتەمەدینانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

★

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە.**

# ئایا یەکێتی نیشتمانی، هێزە؟

## عوسمانی حاجی مارف

بەدوای دوو دانیشتنی ئەم دواییانەی نێوان پارتی و یەکێتی، هیچ هێمایەکی ڕۆشنیان نەدا بەدەستەوە، کە بۆچی ڕێنەکەوتن و لەسەر چی ڕێنەکەوتن. باڤڵ بەجۆرێک پەرچەکرداری خۆی نمایشکرد و ئەوەی ڕاگەیاند کە یەکێتی کوڵ نادات، یەکێتی مێژووە، یەکێتی هێزە...، ئەم جۆرە لە گوتاردان، نائارامی و بێئاکامی ئەو لایەنە نیشان ئەدات، کە نەیانتوانیوە لەو دانیشتنانەدا هاوسەنگی ڕاگرێت و دەستکەوتێک بۆ مەرامە سیاسیەکەی بەدەست بهێنێت. بەجیا لەوەی کە ئەو دانیشتنانە، بێڕێزی پارتی بەرامبەر سەرکردایەتی یەکێتی پێوە دیار بو، چونکە لەلایەک ناهاوسەنگی لەو دانیشتنانەدا دەبینرا، بە ئامادەنەبونی کەسانی سەرەکی لە بنەماڵەی بەرزانی، لەلایەکی ترەوە ئاکامی دانیشتنەکە وەها وێنا دەکرا، کە یەکێتی ڕۆشتبێت بۆ تکاو ڕجاو داخوازی، پارتیش هیچ بەلێنێکیان پێ نەدابن.

ئەوەی بۆ هەمولایەک ڕۆشنە لەسەر ئەو بنەمایەی پارتی و یەکێتی وەک هێزی میلیشیا، بەدوای جەنگی کەنداو، هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت بالادەستی خۆیان بەسەر کوردستاندا دابمەزرێنن، بە ئاستی پێگەو نفوزی سیاسیان هەر لایەکیان، کوردستانیان کردە دوو ناوچەی زەردو ناوچەی سەوز، کەدواتر توانیان بە داگیرکاری و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان، وەک دوو کۆمپانیای زەبەلاح، جەردەیی و تالانچیتی و سەرمایەگوزاری و بازرگانی و قاچاخچیتی .. دابمەزرێنن، بە گەورەترین کەڵەکەی سەرمایە توانیویانە لە گەنجینەکان و بانکەکاندا پارەیەکی بێشومار هەڵچنن.

بۆ پاراستنی بەردەوامی لە تالانچیتی و سەرمایەو سەرمایە گوزاری، هێزە میلیشیاکانیان بەشێوەیەکی فراوانتر و زیاتر گەورەکردنەوەو پڕچەککردنی هێزەکانیان دامەزراوترکرد. هەروەها خەرجیەکی بێشوماریان بۆ هێزی چەکداری ئەنجامداوە. بەلام یەکێتی نیشتمانی تەنها لە ناوچەی سەوزدا ناوی هێزە، لەدەرەوەی ئەو ناوچەیە نەیتوانیوە و ناتوانێ مەترسی بێت بۆ سەر هیچ هێزێکی تر! یان ئەتوانین ئەوەش بڵێین کە نەیتوانیوەو ناتوانێ بەرەنگاری هەر هێزێک بێتەوە گەر هێرش بکەنە سەری! هێزێکە بۆ گیانی دانیشتوانی ناوچەی دەسەلاتی خۆی تائێستا بە توانایە، جا ئەمەش تاچەند دەخایەنێ، پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزی ڕێکخراوبونی نارەزایەتی جەماوەریەوە هەیە.

ئەوەی پێویستە لەو گوتارەی باڤڵدا ئەنجام گیری لێبکەین، کێشەکە لەوەدانیە بسەلمێنرێت یەکێتی هێزە یا هێز نیە، مێژووە یا مێژوو نیە، بەڵکو سەلماندنی پرۆسەیە کە باڤلیش لەم گوتارەیدا دوپاتی دەکاتەوە، مانای ئەوەیە دەسەلات لە کوردستاندا دەسەلاتی حزبی میلیشیایە، واتە دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا بەزۆنی زەردو سەوزەوە دامەزراوەیەکی حکومی سەقامگیرو چەسپاو نیە و نابێت. ئەمەش حاڵەتی ئەو سەرگەردانیەی دۆخی کوردستانە و سەپاندنی دیفاکتۆی دەسەلاتی حزبی میلیشیاییە، مێژوییەکی وەها تەلخ و نابەجێیە، کە پەیوەندە بە چۆنیەتی بنەمای ڕۆل و هەلسورانی سیاسی پارتی و یەکێتیەوە، جەلال تالەبانی و بارزانی دامەزرێنەری نمونەی ئەم سونەتەن لە هێز، کە ئێستا باڤڵ شانازی پێوە دەکات و شانی پێوە بائەدات. ئەو هێزە چەکدارەی کە هەرگیز نەیتوانی و ناتوانێ ببێتە دامەزراوەیەکی حکومی و دەوڵەتی، وەک هەردامەزراوەیەکی تر لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، بۆیە ئەم جۆرە لە مامەڵە بە دەسەلاتی سیاسی نەک هێزە سەربازیەکەی، بەڵکو نەیانتوانیوە هیچ دامەزراوە و وەزارەتێکیش مەرکەزی و جێگیر بکرێت.

باڤڵ و تەواوی بنەماڵەی تالەبانی و بنەماڵەی بارزانی، نان بە زەبری هێزی چەکداری دەخۆن، لەسەر حسابی زەحمەت و ڕەنجی ملیۆنان ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەمدیدە و بەهێزی چەکداری سەروەت و سامانی کوردستانیان قۆرخ کردووە ئەمە ئەو هێزانەیە کە جێگای شەرمەزارین، نەک شانازی! ئەم هێزانەن کە لەگەڵ کۆتایی دەسەلاتی خاوەنەکانیان، هەڵدەوەشێن و هەزاران چەکدار وێڵ و سەرگەردان و بێکار دەکەن.

باڤڵ لەم تورەیی و پەرچەکردارەدا، دانی بەوەدانا ئاشکرای کرد کە یەکگرتنی هێزی پێشمەرگە، بانگەوازێکی پوچ و بێبنەمایە، چونکە هێزەچەکدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی تەنها تایبەتە بەو حزب و لایەنانەی چەکدارەکانیان بۆ پارێزگاری خۆیان دامەزراندووە. ئەو هێزانەی لە یەکەم هەنگاودا فریاکەوتن دەست بەسەر کۆنترۆلی سنورەکاندا بگرن و هەناردەی قاچاخچێتی و باج و گومرگ بکەنە داهات و دەستکەوتێکی بێسنور. پارتی و یەکێتی هەریەک بە سنورێکەوە گیرسانەوەو دامەزران، کە تائێستاش بە ناشەفافترین داهات پێناسە دەکرێت، بە جیا لە بازرگانی و قاچاخچێتی بەنەوتەوە.

ئێستاش ئەو هەوڵانەی بۆ بچوککردنەوەی قەوارەی هەرێم لە ئارادایەو پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر قەیرانێکی سیاسیدا گیریان کردووە، هەرلایەکیان لە هەوڵی ئەوەدان چۆن هێزەکەی لە بەرامبەر ئەو قەیرانەدا بپارێزێت، بۆ ئەم خۆپاراستنەش پاشقول لە یەکتری دەگرن. ئەم بارگرژیەی ئێستای نێوان پارتی و یەکێتی ئاکامی ئەو نارۆشنی و قەیرانەیە کە ئاسۆی ئایندەی حکومەتی هەرێمی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە شێوازی شانازیکردن بەو هێزەی، کە لەژێر هەرەشەی بەرتەسکبونەوە یان لەناوچوندایە، هەڵچونێکی بێماناو و گوتارو تورەبونێکی کاڵفامانەیە.

# دەبێ دەستبەجێی شیروان شیروانی ئازادبکرێ!

## دەشتی جەمال

شیروان شیروانی بە داسەپاندنی بڕیارێکی ناڕەوا و نامرۆڤانە لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠وە لە زیندانەکانی پارتی ڕاگیرا و بڕیار بوو ٩ ئەیلولی ئەمساڵ ئازاد بکرێت، بەڵام جارێکی تر دادگای تاوانەکانی هەولێر ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠ی تەموزی ٢٠٢٣، چەند دۆسیەیەکی تری بۆ زیادکردو سزای چوار ساڵی دیکەی زیندانی بەسەر شیراون شیروانیدا داسەپاند.

جاریکی تر پارتی لەرێگەی ڕێکخستن و داتاشینی فایل و شایەتدانی ساختەوە دەیەوێت وێنەی شیراون شیراونی بگوڕێت بۆ کەسێکی تاوانکار، هەروەک چۆن لەڕابردودا بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە ئاسایشی نەتەوەیی خستۆتە مەترسیەوە و سیخوری کردوە، دۆسیەی شیروان شیروان و هاوڕێکانی لە کاری ڕۆژنامەنوسیەوە گۆڕی بۆ تێکدەرو تاوانکار. ئەم هەنگاوەی پارتی لە ڕێگەی دادگاوە بەتەواوەتی بڕیارێکی سیاسیە بەناوی دادگاو یاساوە دەیەوێت دەنگە ناڕازییەکان سەرکوت بکات و تەنگ بەئازادی و مافە سەرەتایەکان هەڵچنێ و کۆمەڵگەی کوردستان و بزوتنەوەی ڕوو لەگەشەی ناڕەزایەتی بترسێنێ.

ئەم بڕیارەی دادگای پارتی لەفەزایەکدایە کە قەیرانێکی خنکێنەر یەخەی بەدەسەلاتداران گرتوە و ئەوانی لەگەڵ بێئاسۆیی و بنبەستی سیاسی و شکستی دەسەلات لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو وەلام دانەوە بەخواستەکانی جەماوەری ناڕازی بەرەو ڕووکردۆتەوە، ئامانجێکی تری نییە جگە لە داپۆشینی دزی و گەندەڵیەکانی چینی دەسەلاتدار و فەشەلی سیاسەتەکانیان، لەلایەک و داسەپاندنی سەرکوتگەری بەسەر کۆمەڵگادا لەلایەکی ترەوە. بەواتایەکی تر پارتی و حکومەت و دادگاکەی دەیەوێت لەڕێگای بەندکردنی شیروان شیروانی لەزینداندا ئەو پەیامە بەخەڵکی ناڕازی کوردستان و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان و هەردەنگێکی ئازادیخواز و ڕۆژنامەنوسان و قەڵەمە ئازاو بوێرەکان کە ڕەخنەیان لەدەسەلات هەیە، کە ئەگەر بێدەنگ نەبن ئەوا بەدادگاو یاسای حزب و بنەماڵەیی سزا وەلام دەدەینەوە. لەسەرێکی ترەوە داسەپاندنی چوارساڵی تر بەسەر شیروان شیروانیدا ئەو هەقیقەتە دەسەلمێنێ کە دادگا ئامرازێکی دەستی چینی دەسەلاتدارە بۆ پاراستن و چەسپاندنی پایەکانی سیستەم و دەسەلاتێک کەسەراپا لەسەر ستەم و جیاکاری و برسێتی و گرانی و دەیان دەردومەینەتی تر بەسەر خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و لە قازانجی سەرمایەدران و خاوەن کۆمپانیاکان، دامەزراوە. کە بێگومان دادگا و دادوەر و یاسا و زیندانەکان، لەم سیستەمەدا ئامرازێکن بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی خەڵکی ناڕازی.

لە ڕاستیدا ئەگەر لە کوردستان دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن لەئارادابوایە و بەواقعی لەتاوان و تاوانکارانی بکۆڵیبایەتەوە، ئەوا دەبوو ئەوانەی تاوانی ٣١ی ئاب و شەنگاڵ و ١٦ی ئۆکتوبەریان ئەنجام داوە و ئەوانەی دەستی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێرانیان ڕاکێشاوەتە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان، ئەوانەی مافیاو بازرگانانی دەرمان و هێنانی مادەی هۆشبەرو خواردنی بەسەر چوو، دەهێننە بازارەکانەوە، ئەوانەی کە تۆمەتبارن بەکوشتنی رۆژنامەنوسان و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان.. لەهۆڵەکانی دادگادا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ نەک سزا سەپاندن بەسەر رۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان و دارڕشتنی سیناریۆی گاڵتەجاڕانە لەسەریان. هەربۆیە نابێ ڕێگە بەسەرکوتگەریەکانی پارتی و حکومەتەکەی بدرێت، پێویستە بەهێزی بەرەنگاری ڕەوتی ئازادیخوازی و یەکگرتوانەی جەماوەری کوردستان بەرپەرچ بدرێنەوە و سنورێک بۆ سەر ئەو دەستدرێژەیەی کە دەسەلاتداران بۆسەر ئازادیەکان دەیکەن دابنرێ. لەم چوارچێوەیەشدا دەبێ شیروان شیروانی و هەموو ئەو کەسانەی لەسەر بیروڕای سیاسی دەستگیرکراون، دەستبەجێ لەزیندان ئازادبکرێن. بەتایبەتی کە دەستگیرکردن و سزادانی هەڵسوڕاوان و ڕۆژنامەنوسان لەڕێگەی دادگاکانی دەسەلاتەوە وێستگەیەکە لە وێستگەکانی ئەو تاوانانەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، لەپێشیانەوە پارتی و یەکێتی، بۆ سەرکوت و بیدەنگکردنی چینی کرێکارو خەڵکی ناڕازی کوردستان لەماوەی دەسەلاتیاندا درێژەیان پێداوە. ئەم حزبانە کە تا ئێستا لە ڕێگەی دەستبردن بۆ تیرۆرو کوشتن و تەقەکردن و ڕفاندن و هەڕەشەی نانبڕین و شەقوەشاندنەوە، هەوڵیان دابێت جەماوەری ستەملێکراوی کوردستانیان بێدەنگ کردبێت، ئەوا ئەمجارە لە ڕێگەی ڕاکێشانی ئازادیخوازان و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان و رۆژنامەنوسان بۆ بەردەم دادگاو سەپاندنی سزا بەسەریاندا گەرەکیانە جەماوەر چاوترسێن بکەن، تا دەنگی ناڕەزایەتی شەقامی پێ کپبکەن.

خەڵکی کوردستان سەرباری گوشاری گرانی و هەژاری و بێکاری و بێموچەیی، سەرباری ئەو گێژاوە سیاسی و ئابوریەی کە ڕۆژانە ژیانیان دەهاڕێت، ئەوە دەسەلاتدارانی پارتی و یەکێتیە کە بەیاسا و داگاکانیان، دەیانەوێت کۆمەڵگە ملکەچ و بێئیرادە بکەن و تۆڵە لە خەڵکی ناڕازی بکەنەوەو بەر بەشەپۆلی

⟸

نارەزایەتی جەماوەریەکان بگرن.

هەربۆیە ئەرکی ئازادیخوازان و رۆژنامەکاران رۆشنبیران و ژنان و کرێکاران و هەموو رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و مەدەنیەکانە، ئەرکی لایەنگرانی دادگای سەربەخۆیە، کە تورەیی و نەفرەتی خۆیان بەسەردا ببارێنین و ئەم هەولانەی پارتی و حکومەتەکەی شکست پێبدەن و سنورێک بۆ بریاری ئەم دادگا قورمیشکراوەیان دابنێن. دەبێ بریاری دادگای هەولێر هەڵبوەشێتەوە و شیروان شیروانی و سەرجەم دەستگیرکراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن. بۆ ئەمەش دەبێ دەسەلاتی پارتی و یەکێتی ناچاربکرێن کە ئازادی هەلسورانی سیاسی، خۆپیشاندان و کۆبونەوە بەرەسمی بناسن و هیچ کەس لەسەر ئەم مافە دەستگیر نەکرێت، نەخرێتە بەر گوشار و هەرەشەوەو زیندانەوە. خەبات بۆ ئازادی شێروان شیروانی، خەباتە بۆ سەپاندنی ئازادیەکان لە کوردستاندا. کەوایە با بۆ ئازادکردنی دەستبەجێی شیراوان شیروانی دەنگی نارەزایەتی هەلبرین!

# پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی دوای ڕفراندۆم!

عوسمانی حاجی مارف

سەربازانی عیراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەر توانیان کەرکوک لە ژێردەستی پێشمەرگە دەربهێنن، ئەو رۆژەی کە پاشەکشەو شکستێکی گەورەی لە مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتیدا تۆمارکرد.

ناسیۆنالستی کورد ئەو هەراو هاژوهوژەی پێش ١٦ ئۆکتۆبەر پەخشیان دەکرد، ئەو ئومێدەی رایان دەگەیاند بۆ "دەوڵەتی کوردی"، لە بەیانیەکی زودا لەلایەن سەربازانی عێراقەوە بە هێرشیان بۆ سەر شاری کەرکوک و بە هاوکاری هێزی یەکێتی نیشتمانی,کوردستان، پوچەڵ کرایەوە.

گۆرانی هاوکێشەی سیاسی بەشێوەیەکی وەها نەرێنی بە زیانی بزوتنەوەی کوردایەتی داشکا، کە نەیانتوانی هەڵسنەوە. هەر بەو ئاراستەیە هەنگاو بەهەنگاو خەونەکان و ئومێدو چاوەروانیەکانیان، تەنها لە چاویلکەی گەرانەوە بۆ بەغداد پێشبینی دەکرا. تا ئەو ئاستەی ئێستا کەوتونەتە ژێر گێژاوی فشاری بچوکبونەوە یا کۆتایی قەوارەی هەرێم.

ئەوەی شایانی باسە ئەم رووداوەی لەدەستدانی شاری کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان، وەک رووداوێک بەلای زۆرینەی خەڵکیەوە کاردانەوەیەکی وەهای نەبو کە جێگای نیگەرانی و بێئومێدیەکی قورس بێت، چونکە زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆخۆیان زیاتر لە بەرامبەر دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تالەبانیدا بێئومێدن و خوازیاری کۆتایی دەسەلاتەکەیانن.

پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بە دەورو نەخشەی مەسعود بارزانی لاوازیەکی کوشندەی لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی ئاشکرا کرد. لەلایەک پێگەی بێتوانایی پارتی و یەکێتی، لەنێو هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا بەدەستەوە، لەلایەکی ترەوە بەیەکجاری بونە کەرەستەی یاریکردن بەدەست حکومەتی عێراق و تورکیاو ئێرانەوە.

ئەوەی جێگای باسە لەهەمانکاتدا ئاستی بالادەستی بنەماڵە لە هەردوو زۆنەکەدا بەسەر دامودەزگاو دامەزراوەکاندا بەرێوەبردنی سیستەمێکی لە سەداسەد پاوانخوازی و زۆرەملێیە، کە ئالۆزیەکی تەواوی لە کارو بریاردانی دامەزراوەکاندا پێکهێناوەو ئایندەو چارەنوسێکی تەواو نارۆشنیان بۆ کوردستان چەسپاندووە. لەئێستاشدا ئەوە دەبینین کەحکومەتێکی بەناو هەرێمی بێخاوەن لەوناوەدا کەوتوە، لەجێی ئەو کابینەیە، بنەماڵەی بارزانی حکومەتن، پەرلەمانن، دادگان.....

هەروەها ئەو ریفراندۆمە، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی عێراقی باش تاقیکردەوە، کە ویستی وەک لاوازیەک، مانای جیایی کوردستان لە عێراق نیشانبدات، بۆیە بەخێرایی رێوشوێنی سزای لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاند و جێبەجێیکرد. کە بە پشتبەستن بە گڵۆپی سەوزی نێودەوڵەتی و دەوری ئێران و تورکیا ئەو رێگایەی گرتەبەر کە بریاریدا دەبێت بارزانی باجی ریفراندۆمەکەی بدات. عەبادی فشارەکانی بەرزکردەوە، هێزی کۆکردەوە بۆ گرتنی کەرکوک، بە بارزانی راگەیاند کە دەبێت لە کەرکوک برۆنە دەرەوە.

واپێدەچێت لەکاتی خۆیدا بارزانی بیری لەوەنەکردبووە کە حساب بۆ جدیەتی هێرشی سەربازی عێراق و رێکەوتنی یەکێتی لەگەڵ ئێران و حکومەتەکەی عەبادی کردبێت. پلانی پشتیوانیەکەی ئەوە بوو کە گوایە پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەتوانێ بەرەنگاری بەرامبەر

**دابران و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابەکانی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیە لە کوردستان!**

سەربازە عێراقیەکان بکات، بەم ڕێگەیەش سەرنجی نێودەوڵەتی ڕادەکێشێت و دەیوروژێنێت. کە داوتر ئەمریکا ناچار دەبێت، فشار بۆ عەبادی بهێنێت کە ئۆپەراسیۆنەکەی ڕاگرێت. بەڵام قاسم سولەیمانی بەرپرسی باڵای ئێران لە عێراق دڵنیای کردەوە کە ئەوە ڕوونادات و دەبێت بارزانی دەستبەرداری پلانەکانی بێت.

ئاشکرابونی ئەم ئاراستەیە ترس و پەرشوبڵاوی خستە نێو ڕیزی هێزەکانی بارزانیەوە و ئامادەیی بەرەنگاری تیا کوشتن و لەشەڕ دوور کەوتنەوەو ناچار بە هەڵاتن بون. ئەو پێشمەرگانەش کە مابونەوەو شەڕیان کرد، بەرگەی ئاگری هێزێکی باڵای عێراقیان نەگرت، بەزویی تێکشکان و عەبادیش سەرکەوتنی ڕاگەیاند.

دۆخێکی تایبەتی دوای ڕیفراندۆم، دابەزینی ئاستێکی زۆری پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کە تەواو بێدەسەڵات مایەوە لە بەرامبەر قەبوڵکردنی گەڕانەوەی حەتمی بۆ ناوەند، بەهەر بەهاو ملکەچیەک بێت. بەتایبەتی بنەماڵەی تاڵەبانی لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەغداد بوونە بەشێک لە هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ نەخشەو سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا. دواتریش بارزانی بایدایەوە و زەبونانە مەرجەکانی بەغدادی قەبوڵ کرد.

ڕاستیەکی ئاشکرا ئەوەی نیشانداین کە باسکردن لەسەر حکومەتی هەرێم وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتوو، ئیتر بەهیچ جۆرێک مانای نیەو بوونی نییە؛ واتە پاشەکشەو ڕەسمیەتدانە بە مانەوەی مۆدێلی دوو ئیدارەیی و هەوڵدان بۆ جیگیرکردنی ئەو مۆدێلە. لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێم هەر ڕۆژە لقێکی دارەکەی دەشکێت و خەریکە تەنها دارێکی وشکی بێ لق دەمێنێتەوە. بۆیە خۆ هەڵواسین بەوەی لەڕێگەی هەڵبژاردن و کورسی پەرلەمانەوە دەتوانرێت ئاڵوگۆڕێک بکرێت، ئەوە بیرکردنەوەو کارێکی ئەوپەڕی گەوجانەو ئابڕووبەرانەیە.

بەغداد لەلایەک خاڵە لاوازەکانی حکومەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی و تەواوی لایەنەکانی هەرێمی بەدەستەوەیەو شارەزایانە. لەلایەکی تریشەوە بە پشتیوانی ئێران، هەروەها چۆنیەتی خۆرێکخستن لەگەڵ تورکیا، یاری مشک و پشیلە لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دەکات. بەردەوام یاری بە چۆنیەتی ناردنی بودجە دەکات، لەڕێگەی دادگای فیدرالی و فشاری سیاسیەوە هەرجارە بە کێشەیەکەوە سەرقاڵیان دەکات، تا تەواو ملکەچی سیاسەت و پلانەکانی حکومەتی عێراقیان دەکات.

بزوتنەوەی کوردایەتی لەم دۆخە نالەبارەی ئێستادا کە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان لە ئارادایە، تەنها شانسێکیان لەبەردەمدایە، ئەویش ئەو گێژاوە سیاسیەیە کە لەنێوان لایەنە شیعەکاندایە، کۆتایەکەی دیار نیە. بۆیە لەم بارەیەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا بەغداد دەتوانێت لەسەر تەحەداکانی بەروی حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت و جێبەجێی بکات؟.

بۆیە دەستکاریکردن و داڕشتنەوەی حکومەتی هەرێم بە خواست و ئارەزووی حکومەتی عێراق کە بۆخۆشیان لەدۆخێکی نائارامدان، بە ڕێچکەیەکی درێژخایەندا تێدەپەرێت و کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ریگای بەرگرتن بەم کارەساتانە هاتنەمەیدانی خەڵک و ڕێکخستنی نارەزایەتیەکانە.

-------------------

بۆ هەندێ زانیاری سود لە وتارێکی عەقیل عەباس وەرگیراوە کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەربارەی رفراندۆم نوسیوەیەتی، عەقیل عەباس کەسایەتیەکی ئاکادمی و ڕۆژنامەوانی عێراقیە

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com